# ئايا خەزرەجى بێ تاوانە؟

**عەلی مەحمود محەمەد**

ئەندامی کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال

کاتێك ڕەوشی دادگایی خەزرەجی سەری هەڵدا جگەلە کۆنە بەعسی، کۆنە تاوانبارانی دیکەی هاوپیشەی خەزرەجی کەوتنە داکۆکی کردنێکی گەرم لێی، سەرباری ئەمان کۆمەڵێك کوردیش بەئاشکرا یان لە ژێرەوە، پارتی سیاسی، یاخود کەسایەتی لێرەو لەوێ، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کەوتنە بەهانە هێنانەوەی نابەجێ بۆ پرۆسەی دادگایی کردنەکە، هەندێ لایەنی سیاسیش بێدەنگیان هەڵبژارد، بێدەنگیش پشتگیریەکی شەرمنانەیە، لەکاتێك دا خودی خەزرەجی پارتە سیاسیەکانی بە شایەدی بۆ بێ تاوانی و نیشتمان پەروەری خۆێ دێنایەوە.

خەزرەجی بەوەشەوە نەوەستا کە خۆی لەدادگایی کردن بپارێزێت، بگرە لەهەوڵی ئەوەشدا بوو بیکەنە فریادڕەسەکەی خۆرئاوا بۆ گەلانی عێراق و ڕۆڵی کارزانی و ئایندە بەو بسپێرن لە عێراق دا.

بەلاَم تارمایی دادگایی کردنەکە بەهەوڵ و هیمەتی تەواوی هەوڵەکان لە پێشیانەوە گروهی هەولکان بۆ دادگایی خەزرەجی و کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال و نووسەرانی تێکۆشەرو کۆنگرەی نەتەوەیی و دەیان ڕێکخراوی کە و وە دۆستانی گەلەکەمان لە پەرلەمانی دانیمارکی وە بەتایبەتی چەپەکان، خەونەکانی خەزرەجی یان لە لانك دا مردار کردەوە و ئێستا خەزرەجی تەنها تاوانبارێکە لە چاوەڕوانی دادگا دایە.

لەوانەی داکۆکیان لە خەزرەجی دەکرد دەپرسم، وە ئەوانەی باس لەوە دەکەن کەگوایە تەنها چەند کەسێك لە سەرانی ڕژێم وە لە پێشیانەوە سەددام حوسەین و عەلی کیمیاوی تاوانبارن ، ئایا ئەمە دەتوانێت قەناعەت بە خەڵکی گۆپتەپە و عەسکەر و بۆڵ قامیش و. . . هتد بکات لەکاتێك دا کە خەزرەجی لە ٥/٤ دا سەرپەرشتی هێزەکانی دەکرد لە جاش و سوپا و. . . هتد بۆ هێرش کردن بۆ سەر ئەو لادێیانەو پاك کردنەوەی پاشماوەکەی، پاشماوەی ئەوانەی کە لە کیمیابارانەکەی ٥/٣ دا نەمردبوون؟

ئەوان ڕۆژێك لەڕۆژان نە سەددام و نە عەلی کیمیاوی یان لە گوندەکەی خۆیان نەبینی ئەم تاوانانە ئەنجام بدەن، بەلاَم خەزرەجی یان بەچاوی خۆیان بینی کە چۆن بە پۆستاڵ سەری منالی سەرلانکەی، کە کەسوکاری بە کیمیاوی مردبوون پان دەکردەوە و بڕیاری لەسێدارەدانی بریندارەکانی دەدا.

لەم نموونەیەدا مەبەست ئەوە نییە کە پاکانە بۆ دەوری تاوانکارانەی سەرانی تری ڕژێم بکرێت بەڵکو سەلماندنی ئەم ڕاستیەیە کە خەزرەجیش لەوان کەمتر نییە و بگرە یەکێ لە داردەستە ڕاستەوخۆکانی دکتاتۆری عێراق بووە.

ئەوان شایەتی ئەوە دەدەن کە سەدان کەسی ئەم دەڤەرە لەسەر دەستی ئەم تاوانبارە (ئەلخەزرەجی) دا ئەنفال کراون، ئەمە درۆ نییە بۆ ئەم نیشتمان پەروەرە ڕێکخرابێت، بەڵکو ئەمە ڕاستیەکە کە خەڵکی ئەو گوندانە باسی لێوە دەکەن، دەتوانرێت ئەم بەڵگانە لە ڕێگەی کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال و ڕێکخراوی ئەنفالەکانی کوردستان بە دەست بکەون، کە بێشك وێنەیان دەخرێتە بەردەستی ناوەندە گرنگ و بەرپرسەکان.

بۆیە ئیستا لەسەر پارتە سیاسیەکانی کوردستان پێویستە ڕۆڵی خۆیان لە پرۆسەی دادگایی خەزرەجی و وەفیق سامەڕائی بگێڕن، وە ئەمەش ویستی ئەندامانیان و لایەنگرانیان و سەرجەم خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانە.

٢٠٠٢/٥/٢٨

www.kurdistannet.org